کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 18:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کچی کورد قوربانی پیاو سالاریە لە هەندەران!!! ... تاڤگە سابیر



هەندەران ئەو جیهانەیە سەدان هەزار هاوولاتی کوردی مەست کردبوو، بە تەنها و یست و هیوای نقووم بوو لە و جیهانە پڕ خۆشی و کامەرانییەی، وە ڕێگەی هات و نەهاتیان دەگرتەبەر، بەڕادەیک ژمارەیەکی ڕەچاو کراویشیان بە شێوازی جیاواز، گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناو گەیشتن بە بەهەشتی ئەوروپا، وولاتی "دۆلار و ئێرۆ" دوا بە دوای گەیشتن، ئەو کەسانەی کە شانس و ناوچاوانیان هێنای بە دوورگەی خەونەکانیان شاد بوون، ڕووبەڕوو بوونەوەیان بە دیوە ڕەق و سارد و سڕەکەی ژیان ئامێزی شارستانییەتی ڕۆژاوادا، ئیجا هێدی هێدی بەئاگا هاتنەوە لە شیرینی خەونەکانیان و کەوتیە درۆینەی ئێش و ئازار و تاڵی و نەهامەتییەکانی ژیانی نوێیان. سەرنجدان لە گیروگرفیەکانی ڕەوەندی کورد لە وولاتە جیاوازەکانی هەندەران، چیرۆک و بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەتا بە پشت بەستن بە سەرچاوە فەرمییەکان، کەسانی باوەڕپێکراوی ڕەوەندی کورد لە ڕۆشنبیر و نووسەر و بیرمەندان، بابەتی قێزەوەن و بێزارکەرەوەت بۆ دەخەنەڕوو، لە وولاتانی هەندەران زۆرینەی ڕووداوەکانی کچ یان ژن کوشتن لەسەر مەسەلەی ناموسپەرستی لە نێوان ڕەوەندە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، پاڵەوانەکانی برایانی برایانی ڕەوەندی کوردی لای خۆمانن!!باندی چەقۆ وەشێنەکان لە زۆربەی زۆری وولاتە کانی ئەوروپا، لاوە بە جەرگەکانی خۆمان سەرپرشتی و ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. ئەم باندانە لە بری بڕێکی دیاریکراوی پارە، ئەوا کێ دەخوازیت بۆتی دەدەنە بەر چەقۆ، هەڵبەتە تا زێتر بدەیت ژمارەی وەشاندنی چەقۆکانی پتر تر دەبن. چەقۆکێشی ڕەسەن کرماشانین، کەچی ڕۆژگار ئەوەی بۆ سەلماندم کە ئەوانەی لای خۆمانن چەقۆکێشی ڕەسەنن. دیاردەی ژن و کچ کوشتن لە هەندەران جێگای تێڕامان و مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم ئەوژیانەدا کە بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە، ڕوویان کردۆتە هەندەران. ڕوودوەکانی ژن کوشتن کە زۆریی بە دەستی برا و باوک و هاوسەرکانیان ڕوودەدەن کارەساتێک سامناک و دژ مرۆڤایەتیە. کوشتنی ژیان سەلمێنراوە سیستەمی دەسەڵاتە ڕاگری ئەم کارانەن وە ئەم پایانە ڕادەگرێت لە هەموو دنیادا واتە پیاو سالاری. پێم وایە ئەگەر دەسەڵاتێک لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێتە ئاراوە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە پێشکەوتوو ڕادیکاڵ و ئازادیخواز بێت، دەتوانێت باردۆخی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووش لەگەڵ خویدا بێنێتە ئاراوەو دەتوانێت یەکسانی و ئازادی پەیڕەو بکات، عەقڵیەت و کەلتووری پێشکەوتوو بەرهەمی دەسەڵات و یاسای پێشکەوتووە لەکۆمەڵگادا، پێچەوانەکەش وایە بەزیادکردنی کارکردنی ئاین و یاسا دواکەوتووەکانی؛ هەروەها زۆرێک لەو خێزانانەی کەدێنە دەرەوە هەڵگری بیروبۆچونی دژ بە ژنانن، لەم کۆمەڵگایەشدا پیاوەکانیش پێیان وایە کە دەسەڵاتیان لە دەست داوە. ئەو پیاوەنەی کە هەست دەکەن بە کوشتنی ژن و کچەکانیان سەربەرزی تۆمار دەکەن و پیاویەتی خۆیان دەسەپێنن هەڵدەسن بە کوشتنیان، وەکو کوشتنی (نادر، بەناز، پێلا، ناسرین، سارا، کەژاڵ، سەیران و سۆنیا) وە هید... دەیانی تریش بەڕێگەوەن. لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو قووڵایی باسەکەمەوە، دەمەوێت ئەو بڵێم کە ژمارەیەکی زۆری ئەو باوک و برایانەی هاتوونەتە هەندەران، بێئاگا لەوەی کە بتوانن بنچینەیەکی ڕۆشنبیری پەیوەست بە کەلتوری و داب و نەریتی کوردەوارییەوە بۆ ئەوەی کە بزانن منداڵانیان ڕووبەڕووی چ کەلتورێکی جیاواز دەبنەوە. ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە هیچ جۆرە کاریگەرییەکیان لەو ڕووەوە لێ ڕوونەدات. ژمارەیەک لەو باوک و برای ئەو کچە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردانە، ڕەنگ و بۆی ئیرەی لە رووی " ئارەزووە" دەروونییەکانیانەوە ورگرتووە و ئەگەر ئەم فاکتەرەش بخەینە پاڵ فاکتەری نەبوونی ڕۆشنبیری پێویست بۆ پاراستنی ئەوکچانە، ئەوا ئەو کاتە پێویستە بزانین ئاستی کاریگەری نەگەتیڤانە لەسەر کچان کورد لە هەنداران چەند بەرزە. لەراستیشدا ئەو باوک و برایانەش، دەبێت دەستی خۆیان بخەنەڕوو و یان ئەوەتا ببنە بەشێک لە کۆمەڵگای ئەم وولاتانە ئەوەتا بۆ خۆیان بە رەوا دەزانن، دەبێت بۆ ڕەگەزی بەرامبەریشیان بەهامان شێوە، بە رەوا بزانن. یاخود ئەوەتا دەبێت خۆیان ماندووبکەن و بنەمای کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری لەهەموو هەڵس و کەوتەکانیاندا بەرجەستە بکەن.

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.